

# دۆسیەی ئەنفال و کیمیاباران
# لە دادگاییکردنی سەدام و دارودەستەکەی

**پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق و گیرانی سەدامی دیکتاتۆر و زۆرێک لە دارودەستەکەیەوە، پرۆسەی دادگاییکردن هاتە ئاراوە، کە دادگاییەکی تایبەت بە سەدام و سەرانی ڕژێمەکەی هاتە ئاراوە و تا ئێستاش بەردەوامیی هەیە و یەکەمین خولی دانیشتنەکان لەسەر ڕووداوەکانی دوجەیل بوو کە لە ساڵی ١٩٨٢ هەوڵی تیرۆرکردنی سەدام درا کاتێک سەردانی ئەو شارۆچکەیەی کرد و لە ئاکامی ئەو هەوڵە سەرنەگرتووەدا ١٤ کەس کوژران و چەندین بێستانی ئەو ناوچەیە وێران کران.**

**ئەم پرۆسەی دادگاییکردنی خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی یاسایی نێودەوڵەتییە چونکە ئەنجامدەرانی تاوانەکان پێویستە لە ڕێگەی دادگاوە و لە پێش چاوی ڕای گشتی لێپێچینەوە و**

**لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە و دیکۆمێنت و داواکار. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دۆسیەی ئەنفال و کیمیاباران خرایە بەردەم دادگاوە ڕۆژی سێشەمە سەرچاوەیەکی دادگای باڵای تاوان ئەو هەواڵەی پشت ڕاست کرد کە سەدام و شەش لە دارودەستەکەی لەسەر تاوانی ئەنفال دادگایی دەکرێن.**

ئامادەکردنی: نامق هەورامی

## ئەنفال

لە زنجیرە هێرشێکی یەک لە دوای یەکدا لە زۆرێک لەم خاکەی نیشتمان هۆردووی ئەنفال بە هەناسە گەرمەکانییەوە، بە ڕەنگی ئاسایەوە هات و ماڵ بە ماڵ دێ بە دێ هەرچی خەونی زارۆکان و خۆزگەی کچە خنجیلان و تەسبیحی پیاوە نورانییەکانە پێچایەوە و بردی.

ئەنفال هات و کانی ئاواییەکانی کوێر کردەوە، ئەنفال بەسەر نوکی شمشێر و بە لوولەی تانکەکانەوە هات و گوتی ئێوە گەورەترین دەستکەوت و غەنیمەن و گەرەکە وەل خۆم بتانبەمەوە بۆ ئەوێو ئەوێیەک خاڵییە لەجوانی، خاڵییە لەماڵە باجێنەی منداڵان، لەوێ بیابان دڵی گەورەیە و لە هەناو یا جێگاتان دەکەمەوە و ئەنفال ڕوخسەتی لەڕیشی چەرمووی پیاوێکی نورانی نەخواست، چاوەڕێی نەکرد تا منداڵێک گەمەکانی تەواو بکات، دەرفەتی نەدایە پیرەژنێک تا پریاسکەیەک بپێچێتەوە لێرەوە کە ڕۆیشتن فریا نەکەوتین ئاوتان بە دوادا بڕژێنین کە ڕۆیشتن خەرمانێک بوون لە خۆزگە و لە تەڕی و لە میهرەبانی ، ئەمێستاش پڕ پڕن لە هیچ و وشک و وشکن بە سیمای بیابان و جەستەیەکن لە پەیکەرێک ئێسکی لێک هەڵوشاو.



ئێوە ئەو تۆوە بێبەرەکەتە بوون لەدڵی بیابانا شین نەبوون، ئێمەش ئەو جووتیارە ڕەنج بە خەسارە بووین پڕ بە پڕی بیابانێکی وشکەڵاتوو و شتڵی مرۆڤمان چاند و هیچ شین نەبوو، لە مانای ئەو بوکە شووشە و مەمەی منداڵان و پێڵاوە جێماوانە نەگەیشتین.

ئەنفال لە سەبایساڵحاندا هاواری کرد... ئێمە وەک چۆن ژیانمان پێبەخشین ئەوهاش دەبێت ئێمە بتانکوژین بیابان دڵی گەورە نییە، بیابان مروەت ئاوەزی نییە دەنا چۆن خۆزگەیەک لە وێڕا شین نەبوو؟

ئێمە ئەنفالمان دی.. مەرگی ئازیزانمان دی..؟ عەجاج و سەگە ڕەشەکانی نوگرە سەلمانمان دی و ژیان ئێمەی نەبینی... میهرەبانی ئێمەی نەبینی... ئێمە لە تونێلەکانی مەرگ و لە هەناوی عەرعەرەوە هاتینەوە ئێستا ئاواییەکەمان نازانێ ئێمە کێین.. هەنوکەکانییە کوێر کراوەکەی دێ نیگایەکمان تێنابڕێت. دەم نانێتە دەممانەوە...

ئێمە دۆزەخمان دی.. لە دۆزەخ گەڕاینەوە کەچی هێشتا هەر دەسووتێین

ئەم پرۆسە بەدناوە لە دوای ئەنفالی بارزانییەکانەوە دەستی پێکرد و لە ١٩٨٨/٢/١٨ وە تا ١٩٨٨/٩/٦ی خایاند و بە هەشت قۆناغ بە کۆتا گەشت.

کردەی ئەنفال بە هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە چونکە ئەو ناوچە و خەڵکانەی بەر شاڵاوەکە دەوتن مەبەستی ڕژێم لەناوبردن و سڕینەوەیان بوو، بێسەروشوێنکردنی ١٨٢ هەزار مرۆڤ و خاپوورکردنی هەزارەها گوند مانا و دەستەواژەیەکی تر ناگرێتە خۆ جگە لە جینۆساید.

## ئەنفال و کیمیاباران بەرەو دادگا

دوابەدوای ڕووداوی دوجەیل دۆسیەی ئەنفال و کیمیاباران کە دەبوو یەکەمن دۆسیەی دادگاییکردنی سەدام و سەرانی ڕژێمەکەی بێت دەچێتە هۆڵی دادگاوە.

لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی بەرپرسی دادگای باڵای تاوان کە دادوەر ڕائد جوح بوو ڕایگەیاند کە لێکۆڵینەوەی تەواو کراوە لەسەر تاوانی ئەنفال و دۆسییەکانیش پێشکەش بە دادگای باڵای تاوان کران بۆ دادگایی سەدام و شەش کەس لە دەست و پێوەندەکانی کە تیوەگلاوی یەکەمین لەو ڕووداوانەدا.

**جوحی لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی:** ئێستا ئەو دۆسیەیە لە گفتوگۆدایە تا ڕۆژی دادگاییەکە دیاری بکرێت شایەنی باسە ساڵی ڕابردوو دۆسییەیەکی چڕوپڕ و تەواو دراوەتە دادگا لە لایەن دادگای تایبەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەمە وێڕای ئەو کێسەی کە دادگای باڵای هۆڵەندە کە لە کاتی دادگاییکردنی بازرگانی مەرگ فرانس ڤان ئانرات کۆی کردەوە و ڕەوانەی عێراقی کردووە.

لەم دادگایەدا سەدام و شەش لە دارودەستەکەی لەسەر کرداری ئەنفال و هەڵەبجە کە دوو تاوانی ترسناکی کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوون ئامادە دەبن.

لە لای خۆشییەوە جەعفەر ئەلموسەوی ڕایگەیاند کە لە یەک دوو ڕۆژی داهاتوودا ئەو مەسەلەیە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و ڕۆژی دادگاکە ڕادەگەیەنرێت.

## شەش تاوانبارەکە

دیارە لە پرۆسەی دادگاییکردنی سەدام حوسێن دا شەش کەسی تریش لەسەر مەسەلەکانی ئەنفال و کیمیاباران دادگایی دەکرێن، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بە تەنیا شەش کەس لەو تاوانانەدا بەشدارن؟

دوو پرۆسەی گەورەی لەو جۆرە بە شەش کەس ئەنجام دەدرێت؟

ئەمەش خۆی لە خۆیدا مانایەکی تری هەیە بەڵام پێویستە لیژنەی ئامادەکار وەک پارێزەری ئەو دوو دۆسییە پێگریی لەسەر ئەوە بکەن پێویستە تاوانبارانی تریش دیاری بکرێن.

ئەو شەش تاوانبارەش لە دوای سەدامی دیکتاتۆرەوە دێن ئەم ناوانەن:

١- عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی کیمیاوی
٢- سوڵتان هاشم وەزیری بەرگری
٣- سابیر عەبدولعەزیز ئەلدوری
٤- حسەین ڕەشید تکریتی
فەرماندەی فەیلەقەکانی یەک و پێنج

٥- تاهیر تۆفیق ئەلعانی وەزیری پیشەسازی و کانزاکان
٦- فەرحان موتلەک جبوری

## تێڕوانینی دادگا

لە لای خۆیەوە جوحی ئاماژەی بەوەدا کە ئەو تاوانەی دژی کورد کراوە گەورەترین و ترسناکترین کرداری دژە مرۆییە کە سەدام ئەنجامی داوە.

هەروەها گوتی: ڕوداوەکە لە زهنی مێژوودا ماوەتەوە و ئەوانەی ئەو ڕووداوەیان دیوە زۆریان لە ژیاندا ماون و لەگەڵ زیاتر لە هەزار شاهید دا قسە کراوە و ئامادەن دێنە ناو دادگاوە، ئەمە وێڕای بوونی هەزاران تەن لە بەڵگەنامە و دیکۆمێنت کە هی خودی ڕژێمی لەناوچوون کە باسی ئەو کردەوانە دەکەن سەرباری ئەوەش گۆڕە بە کۆمەڵەکان خۆیان بەڵگەی ئەو ڕاستییانەن و لێکۆڵینەوە و پشکنینە پزشکییەکان لەسەر ئێسک و پروسکە دۆزراوەکان و دان پێدانانەکانی سەرانی لەناوچووی ڕژێم بەڵگەی زیندووی ئەو ڕاستییەن.

## لەسەر ئاستی عەرەبی

ئەگەر چی وڵاتانی عەرەب و ڕۆشنبیر و کەسایەتییە عەرەبییەکان هێندە بەتەنگ ئەو مەسەلەیەوە نایەن و دەیانەوێت ئەوەی لەسەر دەستی سەدام ڕوویداوە بە شەرعیی بزانن، دکتۆر شاکر نابلسی لەم بارەیەوە دەڵێت: **ئێمەی عەرەب شتێکی ئەرێنی و باشمان نەکردووە لە بەرامبەر کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال دا، یادەوەریی عەرەبی یادەوەرییەکی کون کراوە و شتە ڕووکەش و بێماناکان نەبێت هیچی تێدا نامێنێتەوە، بەڵگەش بۆ ئەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا یادی مەرگەساتی هەڵەبجە بوو، نووسەرێکی عەرەب بە دێڕێک نووسینیی ئاوڕی لەم ڕووداوە نەدایەوە، هیچ ڕاگەیاندنێکی عەرەبی ئەو مەسەلەیەی بە خەیاڵدا نەهات کەچی وەک توتی ڕۆژانە هەموویان باسی زیندانی ئەبوغرێب و گوانتانامۆ و فەللوجە دەکەن، بە بێ ئەوەی بپرسن کێ هۆکاری ئەم ڕووداوانەیە و کێ بوو عەرەبی کێشایە نێو ئەو هەموو نارەحەتی و کارەساتەو کێ بوو بەڕێوە هات بۆ هێشوەترێکانی عەرەب؟**

لە درێژەی نووسینەکەیدا نابلسی لە وتاری (یادەوەری کونکراوی عەرەب) دا دەڵێت: **زۆرینەی ڕۆشنبیرانی عەرەب غافڵن لە باسکردنی ڕاستیدا، زانایانی ئایینی عەرەب زمان درێژن لە سەناکردنی حاکمەکانیاندا و بێدەنگن لە ئاست مافی مرۆڤدا.. حزبە عەرەبییەکان تەنیا خزمەتکاری پەرستگەی دیکتاتۆرییەتی عەرەبین و ئیدی هەرچی بەرگێک بپۆشن بە ناوی دیموکراسییەتەوە.**

## لەسەر ئاستی دەرەوە

دیارە ئەم مەسەلەیەکاردانەوەی گەورەی هەیە لە نێو ڕەوەندی کوردی لە دەرەوە دا، لە چاوپێکەوتنێکی سەرۆکی پارتی چەپی سویدی لەگەڵ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایددا لە سوید دەڵێت: کورد پێویستە بوێرانەتر کار بۆ مەسەلەی جینۆسایدی خۆی بکات لە وەڵامی داواکاری chak دا بۆ پشتیوانی لە هەوڵەکانیان و بە فەرمی ناسینی جینۆساید لە دژی گەلی کورد سەرۆکی پارتی چەپی سویدی دەڵێت: **ئایا ئێوە ئەو بوێرییەتان تێدایە تا ئێمە پشتگریتان لێ بکەین و هەوڵ بدەین مەسەلەی جینۆسایدی گەلی کوردستان بیەنە نەتەوە یەکگرتووەکان؟**



لە لایەکی ترەوە لە سەروبەندی دادگاییکردنی فرانس ڤان ئانراتدا هەندێک پارێزەر و کەسان دەیانگوت چۆن دەبێت کەسێکی هاوکاری ڕژێمێکی کردبێت لە تاوانی دژە مرۆڤایەتیدا ئەنجامدەری ڕاستەوخۆی تاوانەکە کە سەدام حوسێنە لە دادگادایە و لەسەر ئەو مەسەلانە لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکراوە کەچی ئانرات حوکم دەدرێت.

## وەک ئامادەسازی چیمان کردووە بۆ ئەو دۆسییەیە

**دیارە لە بەڕێوەچوونی دادگای سەدامدا لەسەر ڕووداوی دوجەیل زۆرێک دیکۆمێنت کۆکرابوونەوە، ئاخۆ ئێمەی کورد بۆ ئەو دوو تاوانە گەورەیەی کە دژمان ئەنجامدرا چ ئامادەسازییەکمان کردووە لەم بارەیەوە بەڕێز دادوەر عەبدولباست فەرهادی بەڕێوەبەری گشتی داد لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی:** وەک ئاشکرایە دۆسیەی ئەنفال گەشتووەتە بەردەم دادگا و لێکۆڵینەوە تەواو بووە، پێویستە لەم کێشەیەدا زۆر ژیرانە مامەڵە بکەین، ڕاستە هەزارەها بەڵگە و دیکۆمێنتمان هەیە بەڵام دەبێت بزانین لە دادگا چۆن بەکاری دەهێنین هەروەها لە وەڵامی ئەوەدا کە چی بکەین لە دادگاییکردنەکەدا فەرهادی دەڵێت: پێویستە لە نێو وەزارەت و سەنتەر و شوێنە تایبەتمەندەکانی ئەو دۆسیەیە هەماهەنگی تەواو هەبێت و چی بەڵگەنامە لە هەردوو لا هەیە بخرێتە بەردەم پارێزەرەکان کە خۆیان ئامادەکردووە لەو پرۆسەیەدا بەرگری لە



کێشەی کورد بکەن لە هەمبەر ئەو دوو ڕووداوە.

سەندیکای پارێزەرانیش پێویستە تیمێکی شارەزا ئامادە بکەن کە لە کاروباری کێشە سزاییەکاندا بزانن بۆ ئەوەی بەڵگەکان بە پێی پێویست پێشکەش بکەن لە کات وساتی خۆیدا. خاڵێکی تر کە گرنگە کاری لەسەر بکرێت ئەویش دادگاییەکە، هاوکات بێت لەگەڵ ساڵوەگەری یادی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا خاڵێکی تر گرنگە و دەبێت بە بایەخەوە سەیر بکرێت ئەویش بەکارهێنانی زمانی کوردییە لە دادگادا چونکە زۆربەی شاهیدەکان پاشماوەی ئەنفالەکانن ڕەنگە عەرەبی نەزانن یان ئاخاوتن لەگەڵ دادوەری عـــــەرەبدا دووبارە ترس لەلای ئەوانە دروست بکات لە ڕووی دەروونییەوە چونکە ئێمە تووشی گرێی دەروونی هاتووین لەگەڵ عەرەبدا بۆ ئەمەش پێویستە کۆمەڵێک پارێزەری کوردی گەرمیان لەوێدا ئامادەبن هاوکات وەرگێڕەکانیش گەرمیانی بن بۆ ڕاست و دروست وەرگێڕانی زاراوەکان.

کەنعان مەکییە لەکۆماری ترس دا باسی تەیفور ناوێک دەکات کە بووەتە سیمبولی ئەنفال چونکە لەوێ ڕایکردووە پێویستە ئەوە و چەندانی وەک تەیفور بدۆزرێنەوە و بیبەینە دادگاکەوەو ئەمە وێڕای بەکارهێنانی عەرەبەکانی ئەو ناوچانەی ئەنفالەکانیان تێدا کردن بە ژێر خۆڵەوە دیارە لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا زۆرێک چەکدار و موستەشاری کورد بەشدارییان کرد بە جۆرێک لە جۆرەکان بەڵام لێبووردن گرتنییەوە بۆ ئەوەی ویژدانیان ئاسوودە بێت پێویستە لە شایەدی دانەکاندا ئەوەی دیویانە بگێڕنەوە و زۆرێکیشیان بە هۆی بەشداری نەکردنەوە حکومەت گوللە بارنی کردن و کەسوکاری ئەوانەش پێویستە بەشداری بکەن و شایەدی بدەن.

ئەم حاڵەتانە تەوسیف بکرێت بۆ کورد گرنگە چونکە یەکێک لەپەیماننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە دەڵێت: (ئەگەر میللەتێک کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی لەلایەن میللەتێکی ترەوە دەرهەق کرا مافی ئەوەی هەیە داوای ئازادی و دابڕان لەو نەتەوەیەی تر بکات) کەواتە ئەگەر لەسەر ئەم حاڵەتە کار بکەین دەتوانین داوای دەوڵەتی سەربەخۆ بکەین.

ئێستا لە ئەڵمانیا ساڵانە پارە بە جولەکە دەدرێت و بە ئیسرائیل دەدرێت لە سەر مەسەلەی هۆلۆ کۆست، بە ئێستاشەوە جولەکەکانی ئەڵمانیا هیچ باجێک بە دەوڵەت نادەن بەڵکو ئەوەی زوڵلەیەکی بەرکەوتبوو سکاڵای پێشکەش کرد و تەوسیف کرا.

ئێمەش ئەگەر ئەو کارە بکەین دەتوانین داوای قەرەبوو لە هەموو وڵاتانی عەرەبی بکەین چونکە هەموویان هاوکاری سەدامیان دەکرد و داوای قەرەبوو لە هۆڵەندا و ئەڵمانیا و زۆر وڵات بکەین کە هاوکاریی سەدامیان کرد لە بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵ کوژدا.